www.kurdistannet.org
21-11-2005 16:57 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# بۆپاڵپشتی لەخۆپیشاندان و داخوازیەكانی پەرلەمانی سەرشەقام گروپی هەولێر

لەكاتێكدا كەبەرەونزیك بوونەوەی هەڵبژاردنەكەی 2005/12/15دەچین بەواتای رزگاربوون لەهەمووچەقبەستوویی و تاك دەسەڵاتی و یەكترقبووڵنەكردن، هەنگاو بەروەو گۆڕان و پێشڤەچووندەنێن. لە وكاتەدا كەزۆرترین بانگهێشە بۆدیموكراسیەت و مەدەنیەت و پاراستنی مافەكەكانی مرۆڤ دەكرێت شانازی بەوزەمینەسەربەخۆیەی كوردستان وئازادی تاكەكەسی و حزبی وسیاسی ورێكخراوەیی وەك نمونە بۆ بونیادنانەوەی عیراقێكی نوی باسی لێوە دە كرێت. بۆیە گرۆپی هەولێری پەرلەمانی سەرشەقام وەك دیدێكی مەدەنیانەوشارستانیانە هەڵسابەخۆپیشاندانێكی هێمنانەلەبەرواری 19/11/ 2005 رۆژیشەمە كاتژمێر3/30خولەك لەنێو بازاری هەولێرلەبەردەم شەقامی سیروان بەرەو پارێزگای هەولێر، ئەمەش لە پێناوی خۆشگوزەرانی خەڵك و نەهێشتنی گەندەڵی ئیداری و داكۆكی كردن لە مافەكان گەنج وباشتركردنی گوزەرانی هاوڵاتیان وچاكسازی و یەكسانییدا، كەدەیان ویست لە یاداشتنامەیێك لەرێگای پارێزگاری هەولێرەوە ئاراستەی بەرێزان سەرۆكی كۆماری عیراقی فیدراڵ وسەرۆكی هەرێمی كوردستان، ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان، سەرۆكانی هەردووئیدارەی كوردی بكەن، لەبری ئەوەی بەپێشوازییێكی گەرموگوڕەوە گوێ لەداخوازیەكانیان بگرن پیاوانی ئاسایش بەشێوەیێكی نامرۆڤانە دوورلە هەموو بەهاییێكی ئینسانی رێگەیان بەخۆپیشاندەران گرت. وەكو تەنها هێزێك بۆ بەربلاوەپێكردنی خۆپیشاندەران تەقەیان بەسەرداكردوون كەووتنە گیانی لاوەكان و لێدانیان كە نزیكەی (30) كەسیان لی دەستگیركران لەناویاندا نوێنەری گروپەكە رۆژنامەنووس (هیوافریادرەس) یان دەستگیركرد پاش ئازارو ئەشكەنجەیێكی زۆریجەستەیی دەروونی ئازادیان كردن. هاوكات ئێمە وەك گروپی شەقلاوەی پەرلەمانی سەرشەقام پێتان رادەگەیێنین كەبەهیچ شێوەیێك گرتن و كوشتن و توندو تیژی رێگەمان پێناگرێت، بۆیەنارەزایخۆمان بەرامبەر ئەم جۆرە كارانە دەردەبرین سووریشین لەسەر ئەم هەڵوێستەخەباتگێریە بۆگەیشتن بەئامانجەكانمان و باشتركردنی ژیان و گوزەرانی خەڵكیكوردستان.

Dkawaniy1@yahoo. com
گرووپی شەقلاوەی پەرلەمانی سەرشەقام
2005/11/21